# هەواڵ




بەپێی چەند سەرچاوەیەکی رۆژنامەوانی عێراقی لەبەغدای پایتەخت، شانشینی عەرەبستانی سعودی پاڵپشتی دارایی بە لایەنە ئۆپۆزیسیۆنە کوردستانیەکان بە گشتی و ئیسلامیەکان بە تایبەتی دەکات، ئامانجی سەرەکیشی گەیاندنی خزمەتە بەبەرژەوەندیە ستراتیژیەکانی خۆی لە کوردستانی عێراقدا.سەرچاوەکە ئاشکرایکرد "وڵاتانی کەنداو بەگشتی و عەرەبستانی سعودی بە تایبەت، لەسەرەتای پێکهێنانی ئەو حزبانەوە یارمەتی داراییان بۆ ناردوون، بەڵام ئێستا پاڵپشتیە داراییەکان چۆتە قۆناغێکی نوییەوە بەتایبەتی ئەو گروپە ئیسلامیەی کە عەلی باپیر سەرکردایەتی دەکات .

هەر ئەو سەرچاوانەی کە لەفەرماندە ئەمنیەکانی عێراقەوە نزیکن ئاماژەیان بەوەدا کە سعودیا لە رێگەی ئەو پاڵپشتیە دارایەوە، کەشوهەوای سیاسی لە عێراق تێکدەدات، ئامانجی سەرەکیشی لەباربردنی ئەزمونی فیدراڵیزمە لە عێراق و کوردستان ، کە لە سێ پارێزگای گەورە پێکهاتووە (هەولێر، سلێمانی، دهۆك)، بە پێی ئەو پیلانەی سعودیاش ئاراستەی رەوشەکە بەرەو جیاکردنەوەی شاری سلێمانی دێت، لە کوردستان و کردنی بە پارێزگایەکی سەربەخۆ، هاوکات بە پێی دەستووری عێراقی ئەگەر هەر هەرێمێك لە سێ پارێزگا کەمتر بێت، نابێتە هەرێمێکی سەربەخۆ.

لەلایەکی دیکەوە سەرکردە عێراقیەکان ئەوەیان ئاشکراکرد کە زۆربەی ئەو خۆکوژانەی لەوڵاتی سوریاوە، دزەیان کردۆتە نێو خاکی عێراق بەرەگەز سعودین و بە پێی ئەو چاودێرانەی کە خاوەن ئەزمونێکی گەورەن لە کاروباری ستراتیژی ئەمنی؛ سعودیا کە پەیوەندیەکی گرژی لە عێراقدا هەیە، هەوڵدەدات حکومەتی مەرکەزی وەکو خۆی بمینێتەوە،..

هاوکات دژایەتی بیرۆکەی هەرێمی فیدراڵیی سەربەخۆ دەکات، بەوەی کە ئەو پرۆسەیە دەبێتە هۆی دروستبونی مەترسی ئەمنی بەسەر خودی سعودیاوە، کە خێزانی ئال سعود بۆ ماوەی زیاتر لە نیو سەدە حوکمڕانی دەکەن، هاوکات زۆربەی شارەکانی عێراق وەکو سوودوەرگرتنێك لە ئەزمونی کوردستان داوای هەرێمی فیدراڵی دەکەن کە کاریگەری بەسەر نەخشەی سیاسی ئابوری عێراقەوە دەبێت و چەندین هەرێمی شیعە نشینی دەوڵەمەند بە نەوت دروست دەبن و کاریگەریان بەسەر عەرەبستانی سعودی و وڵاتانی کەنداوەوە دەبێت کە بەخودی خۆیان چەندین خۆپشاندانی ئاشتیانەیان لەنێو وڵاتەکەی خۆیاندا سەرکوت کردوە.

جێی وتنە عەرەبستانی سعودی بەمەبەستی لەباربردنی ئەزمونی فیدراڵیزمی کوردستانی هەموو تواناکانی خستۆتە گەڕ کە ئامانجی سەرەکی لێی نانەوەی کێشە و گرفتی سیاسیە، بۆ لاوازکردنی عێراق، هەر بەو هۆیەشەوە، کەنداو پاڵپشتی دارایی بەحزبە ئیسلامیە کوردیەکانی عێراق دەدات، بەمەبەستی لەباربردنی ئەزمونی فیدراڵی کە بۆ یەکەم جار لە هەرێمی کوردستان جێبەجێکراوە و رەنگە لە دوا رۆژێکی نزیکدا هەموو عێراق ئەو ئەزمونە پەیرەوبکەن و چەند هەرێمێکی سەربەخۆی سەر بەناوەند پێکبهێنن، کە ئەمەش گەورەترین مەترسیە لەسەر ولاتانی کەنداو بە گشتی و سعودیا بە تایبەتی.